بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمـــارە ( ١٩ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ١٠ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پەسەند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراو**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٩/٧/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پەسەند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراو

**ماددەی یەکەم :**

بڕگەی (دووەمی) ماددەی شەشەمی هەموار کراوی یاساکە پوچەڵ دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :

دووەم : ڕۆژێك بۆ ڕاپرسی گشتی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق دیاری دەکرێت بە هەماهەنگ لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

**ماددەی دووەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن.

**ماددەی سێیەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە دەرچوونیەوە جێ بە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

هەولێر
٢٥ / پوشپەڕ / ٢٧٠٩ ی کوردی
٢٣ / ڕەجەب / ١٤٣٠ ی کۆچی
١٦ / تەموزی ٢٠٠٩ ی زاییینی

**هۆیە پێویستەکان دەرچواندنی**

لەبەر پۆزش هێنانەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەپێی نووسراوی ژمارە ( خ/١٣٤٠/٩/ ) لە ٢٠٠٩/٧٦/٦ ، لە ئەنجامدانی ڕاپرسی گشتی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٠، کە لە توانایاندا نەبوو، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM